# خەڵاتی پاش دەستپێشخەریەکەی بارزانی

پاش ئەوەی کە بە هۆی دەستپێشخەرییەکەی مەسعوود بارزانی، لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەمریکاش لەبنەوە، هەموو هێز و حیزب و لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن لە هەولێری کوردستان کۆبوونەوە. لێ دیسانیش وەک بینیمان بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، سەرەڕای ئەم هەنگاوەی سەرانی کوردیش لە باشوور، کەچی ئەندامانی نەتەوەی سەردەستی عەرەب لە عێراقدا لە ڕێی نوێنەرەکانیان و بە شێوازی جیا جیاشەوە سووکایەتی لە دوای سووکایەتی بە کورد و داخوازییەکانی و مافە ڕەواکانییەوە دەکەن. یەکەمین سووکایەتیکردن بە کورد هەر لەنێو خودی بەناو پەرلەمانی عێراق، کە لە هەر شتێک دەچێت تەنیا پەرلەمان نەبێت، ئەنجام درا و بە چاوی خۆشمان دیتمان چۆن بەعسییە ڕەگەزپەرستەکان ملی خۆیان شۆڕ کردەوە و چ حیسابێکی گەورە و گچکەشیان نە بۆ کورد و نە بۆ عەرەبی شیعە کرد و ئەوێندەرێیان جێ هێشت. کارێکی ئەوها، با هەر هۆیەکی لە پشتەوە بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرێکە لە بێڕێزی نواندن و قەبووڵنەکردنی ئەوی دیکەی بەرامبەر. نوێنەرانی سەر بە لیستەکەی عەللاوی دەیانتوانی بە بێدەنگی دابنیشن و نەشچنە دەرەوە و دەنگیش نەدەن. شایانی باسە ئەبیاد عەللاوی هەر ئەمڕۆ خۆی لە کەناڵی البغدادیە، سەبارەت بە پرسی دیموکراسی لەم وڵاتەدا، لە لەندەنەوە گوتی ئەوەی کە ناوی لێ دەنرێت پرۆسەی دیموکراسی لە گاگۆڵەکردن زیاتر شتێکی تر نییە. کەواتە ئەگەر ئەمە دیموکراسییەکە بێت، گەلێ ئاساییشە گەر پەرلەمان لە چایخانە چایخانەتر بێت. هەر لە یەکەمین کۆبوونەوە یا دانیشتنی خولی نوێی پەرلەماندا سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق(پەرلەمان) ئوسامە نوجەیفی، زۆربەمان دەزانین چۆن بیر دەکاتەوە و بە چ ڕێگایەکیش ئەم پۆستەی وەرگرت، نەک هەر ئاماژەی بە دەستوور نەکرد، بگرە ئەوەی کە لەمێژە لەسەر دڵی بوو لەم شوێنەدا درکاندی. دەستوورێک کە سەرانی کورد و بەرپرسە حیزبییە گەورەکانی لای خۆمان ساڵانێکە ڕۆژ تا ئێوارێ باسی لێوە دەکەن و، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان عێراقی داگیرکەر و دابەشکەری کوردستانیان لە کورد کردۆتە شامی شەریف، لە بارێکدا ئەگەر (شام)یش شەریف بێت؟! خۆ ئەوە هەر ئەم حیزبییە کوردییانەن کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بۆگەن و دیکتاتۆری بەعسەوە شەو و ڕۆژ باسی (عێراقی نوێ و هیوا و ئاشتی و فیدرال و پێکەوەژیان) و زۆری تریش دەکەن. ئەگەرنا لە کەس شارراوە نییە کە عەرەب، وەک نەتەوەی سەردەست و زۆرلێکەر و خۆ سەپێنەر، تەنیا لە کاتی فڕوفێڵ کردن و هەڵخەڵەتاندن پەنا بۆ ئەم چەمک و جۆرە زاراوانە دەبات. من خۆم دەمێکی درێژە تفم لەو شتە کردووە کە بە داری زۆردارەکی بەسەر کورددا سەپێنراوە و ناویشی لێ نراوە برایەتی کورد و عەرەب. گەر ڕۆژێ لە ڕۆژان کوردیش وەک نەتەوە بە تەواوی مافە زەوتکراو و ڕەواکانی خۆی شاد بوو و هیچی کەمتر نەبوو لە تورک و عەرەب و فارس، ئەوسا ڕەنگە بۆمان هەبێ بڵێین شتێک هەیە ناوی برایەتییە دەگەڵ ئەم نەتەوە و دەوڵەتانەدا.

سووکایەتیکردنێکی دیکە کە جۆرێکیش بوو لەخشتەبردن و خۆ خۆشەویست کردن و خوێندنەوەی ساویلکایەتی کورد، هەڵواسینی گەلێ ئاڵای پیرۆزی کوردستان بوو لە شاری بەسرە. ئەم کارە کە لە لایەن نووسینگەیەکی تایبەت بە تاریق هاشمی(جێگری سەرۆک کۆمار و بە ڕەگەز عەرەبی سوننە) ئەنجام درا، بەر لەوەی گوایا لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کورد و دەسپێشکەرییەکەی بارزانی بێ، لێدانێک بوو لە قەبرغەی عەرەبی شیعە و مالیکی و ئەوانەی کە لە بەسرە دەسەڵاتداران. هەروەک بینیشمان تەنیا دوای چەند سەعاتێک لەم ئاڵا هەڵواسینە، فەرمانڕەوایانی عەرەبی شیعە کە ڕقابەری عەرەبی سوننەن ئاڵاکانی کوردستانیان یەکە بە یەکە لە شوێنە گشتییەکانی بەسرە کۆ کردەوە و هێنایانە خوارەوە. کوا تاریق هاشمی چی پێ کرا؟ پرسیارێکی لەمەش گرنگتر بۆ یەکێکی وەک تاریق هاشمی تەنانەت لەگەڵ ئەوەدا نییە ئاڵای کوردستان، بۆ نموونە لە ناوچە و دەڤەرە کوردستانییانە ڕەسەنەکان کە بە ناهەق ناوی شوێنە ناکۆکی لەسەرەکانیان بەسەردا براوە، هەڵبواسرێت و لە ئاسمانی ئەم ناوچە کوردستانییانەدا بشەکێتەوە؟ ئایا ناوهاتوو ڕازی دەبێت بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە مووسڵ و کەرکووک و شار و شارۆچکەکانی دیکە کە لە سەردەمی بەعسی گۆڕبەگۆڕدا ئەوپەڕی سیاسەتی بەعەرەبکردنیان بەخۆوە بینیوە؟ ئەرێ بەڕاست بۆچی سەبارەت بەم کارە چ کاردانەوەیەکی توندی (سەرۆکایەتی هەرێم)مان نەبیست؟ داخوا کوردیش نەیدەتوانی، یان ڕێی لێ گیرا، تا هەمان کار بکات و ئاڵای عرووبە و بەعس لە کوردستان نەهێڵێت؟ هەڵکردنی ئاڵای پیرۆز و ڕەنگینی کوردستان لە بەسرە، پێش ئەوەی کارێکی بوێرانە بێت، گەمەکردنە بە عەقڵی سیاسیی کورد. تۆ بڵێی ئێمەی کورد شتێکمان هەبێت ناوی لێ بنرێت (عەقڵی سیاسی)؟! دیسان هەر وابەستە بە سووکایەتیکردن بە کورد پرسی سەرژمێری گشتییە، کە لە وڵاتێکی مۆدێرن و شارستانی و پێشکەوتوودا بە مانای ئەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ئاگاداربوون لە ڕەوشی ژیان و کێشەی هاووڵاتییان و گەلێ شتی تر دێت، بەڵام بە داخەوە لە عێراقێکی بەزۆر پێکەوە لکێنراودا ئەم بابەتەش هەر لە بنەڕەتەوە ڕووەو دۆزەخی ڕەش و سیاسەتی چەپەڵانەی نەتەوەی سەردەستی عەرەب حەواڵە کراوە. وەزارەتی پلان دانانی عێراقی کە ناوە ڕاستییەکەی (وەزارەتی پیلان دانانی عێراقی)یە، با وەزیرەکەی پاشناوی (بابان)یش بێت، بەڵام کلک و گوێ و پەنجە و بیرکردنەوەی خودی عەرەب و سیاسەتە گڵاوەکەیەتی. دەبێ ئەوەش بڵێین ماوەیەک بەر لە ئێستا کۆمەڵە کوردێکی بابان لە ماڵپەڕێکدا حاشایان لەوە کردبوو کە ئەم عەلی بابانەی وەزیری پیلان دانان، هەر لە بنەچەدا چ پەیوەندییەکی بەوانەوە هەبێت و کوردیش بێت. هەروەها داواشیان لێ کردبوو دەستبەرداری ئەم نازناوە بێت. بەهەرحاڵ ئەم عەلی بابانە نە یەکەمین نموونە و نە دوایین نموونەی کوردیش دەبێت کە بە خۆشحاڵییەوە لە خزمەتی داگیرکەران و دوژمنانی خاک و نەتەوەدا بێت. مێژوو پڕە لەم جۆرە بچمە نارەسەن و خۆفرۆشانە. وەزارەتی بەناو پلان دان بە فیتی عەرەب و تۆرانییەکان جارێک نا چەند جار پرۆسەی سەرژمێری گشتی دوا خست. هەروەها هەوڵ دەدەن تا بە تەواوەتی خانەی (نەتەوە) لا ببەن. دوێنێش کە لە بەغدا لە لایەن ئەم وەزارەتەوە کۆبوونەوە و دانیشتن ساز کراوە. بە ئەنقەست نوێنەرانی گشت لایەنەکانی کەرکووک، تەنیا کورد نەبێت، بانگهێشت کراون. دە تۆ بڕوانە نەتەوەی سەرەکی و یەکەم لە کەرکووکی کوردستان فەرامۆش دەکرێت، کەچی عەرەبی تەعریب و تورکمانی بەکرێگیراوی تورکیا داوەت دەکرێن. ئاخر ئەمە پیلانە نەک پلان. لە هەمان کاتیشدا گەورەترین سووکایەتیکردنە بە گەلی کورد و سەرکردەکانیشی. کەس هەیە بڵێ وا نییە؟

> **یەکێکی وەک تاریق هاشمی تەنانەت لەگەڵ ئەوەدا نییە ئاڵای کوردستان، بۆ نموونە لە ناوچە و دەڤەرە کوردستانییانە ڕەسەنەکان کە بە ناهەق ناوی شوێنە ناکۆکی لەسەرەکانیان بەسەردا براوە، هەڵبواسرێت و لە ئاسمانی ئەم ناوچە کوردستانییانەدا بشەکێتەوە؟ ئایا ڕازی دەبێ ئاڵای کوردستان لە موسڵ و کەرکوک بەرز بکرێتەوە؟**

ئەمڕۆ کە تەماشای کەناڵی (ئەلشەرقییە)م دەکرد، لە تێکستەهەواڵێکدا نووسرابوو، ئوسامە بەعسی لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێ لە شێخ و سەرۆک هۆزەکانی عەرەبی پارێزگای سەلاحەدین(تکریت)، ئاماژەی بەوە کردبوو کە پێویستە عێراق هەر بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و ڕۆڵی (عەرەبی)یانەی جارانی خۆی وەدەست بێنێتەوە. ئەم وشانەی کابرایەکی وەک نوجەیفی هەرچەندە نوێ نین، بەڵام لە کاتێکدا دەگوترێنەوە کە جەنابی بە هەوڵ و هیممەت و دەستپێشخەری کورد بووەتە سەرۆکی پەرلەمانی بارەگا لە بەغدا!

من لێرەدا زۆر بە کورتی باسی برێ لەو سووکایەتیکردنانەم کرد کە کورد دووچاری هاتووە، پاش ئەوەی کە سەرانی کورد هەمیشە ڕۆڵی پێشسواریان لەیستووە تاکو عەرەبەکان بەیەکەوە ڕێک بکەون و لەگەڵ یەکتردا تەبا بن. گردبوونەوەکەی هەولێر لەوانەیە دوایین ئەم هەوڵانەش نەبێت!

یەکێ کە بە عەقڵی کوردستانییانە نەک عێراقییانە ئەم چەند وشانە بخوێنێتەوە باش تێیان دەگات. هەر کەسێکیش، هەر کوردێکیش، ئەگەر لە تەواوی ژیانیدا نەتەوە و نیشتمانی، کورد و کوردستانی، کردبێتە ئامراز و حیزب و هێزێکی دیاریکراویشی کردبێتە ئامانج، زەحمەت نییە ئەم وشانەی لە گەروو دەرباز بێت



**مەهاباد کوردی/ سوید**
mehabadkurdi@hotmail.com

# هەنگاوەکانی بە دیموکراتیزەکردنی ئەفغانستان وەپێش عێراق دەکەوێ



**دیمەنێکی شاری کابول، پێتەختی ئەفغانستان**

هەفتەی ڕابردوو ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەفغانستان ئاشکرا کرا، یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕایگەیاند کە لایەنگرانی ئەو توانیویانە نزیکەی سێیەکی کورسیەکانی پەرلەمان وەدەستبهێنن کە ڕۆژی 18ی ئەیلولی ڕابردوو پرۆسەی دەنگدان لە وڵاتەکەیدا بەڕێوەچووبوو. عەبدوڵا عەبدوڵا، یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆن و ڕکابەری حامید کارزای سەرۆکی ئەفغانستان، ئاشکرای کردووە کە کاندیدەکانیان توانیویانە ڕێژەیەکی زۆری دەنگەکان بەدەستبهێنن و زیاتر لە 90 کورسی لە کۆی 249 کورسی نێو جڤاتی نیشتیمانی مسۆگەر بکەن. عەبدولا گوتبووی: ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن لەنێو پارلەماندا دەست بەکارەکانمان دەکەین و گوشارەکانمان چڕ دەکەینەوە.

ئۆپۆزیسیۆنی ئەفغانستان بەنیازە لە دوای دوو هەفتەی تر چالاکانە گوشار لەسەر حکومەتی حامید کارزای دابنێ، چونکە ئەو ڕایانگەیاندوە کە وەک کوتلەیەکی پەرلەمانیی ئۆپۆزیسیۆن کار دەکەن.

وێڕای ئەوەی کە ڕاگەیاندنەکان و چاودێرانی نێودەوڵەتی لەسەرەتای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەفغانستان، واتە لە 18ی ئەیلول، ئاماژەیان بەو ساختەکاریە کردبوو، کە لایەنگرانی کارزای ئەنجامیان دابوو، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن پەڵپ و بیانوّی نەگرت و سەرکەوتنی خۆی لە پشت ئەو ساختەکاریەدا نەشاردەوە ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕوویێکی گەشی دیموکراسی پێشان دا.

ئەگەر بەراوردێکی خێرا لەنێوان ئەفغانستان و عێراق دا بکەین کە هەردووکیان بە هێزی سەربازی ئەمریکاو هاوپەیمانانی ڕژێمەکانی پێشوویان ڕووخێندران، هەردووکیانیش پێکهاتەی جۆراوجۆرو جیاوازیان تێدا هەیە، لە ساڵی 2010 یش لە هەردوو وڵاتەکەدا پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەڕێوەچووە، دەکرێ بڵێین هەرچەندە کە ڕەوشی ئاسایشی ئەفغانستان لەچاو ڕەوشی عێراق خراپتر بوو، بەڵام زۆر زووتر لایەنە ڕکابەرەکان دانیان بە ئاکامی هەڵبژاردن نا، زۆر ڕاشکاوانە سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتیان پەسند کرد. کەواتە دەبێ بگوترێ کە ڕوانگەی ئەفغانیەکان بۆ پەسندکردنی بەرانبەرو ڕوانین لە دیموکراسی زۆر لە هی عێراقیەکان فراوان و ڕۆشنترە.

لە عێراق دوو نەتەوەی کوردو عەرەب، دوو کەمەنەتەوەی تورکمان و ئاشووری دەژین، بەڵام لە ئەفغانستاندا چەندین نەتەوەو کەمە نەتەوە دەژین کە بریتین لە: تاجیک، پشتۆن، هەزارە، ئۆزبەک، تورکمان، ئۆیماق؛ بەلوچ، پشەیی، نورستانی، ئەسماری (گەجەر)،بامیری و کورد.

گەلانی عێراق بەسەر ئایینی ئیسلام، مەسیحی، یەزیدی و سائبی دابەش بوونە، ئیسلامیەکانیش لە هەردوو مەزهەبی شیعەو سوونەن، بەڵام لە ئەفغانستان ئیسلام ئایینی سەرەکی هەموو دانیشتوانە، کەچی لەوێش مەزهەبی شیعەو سوونە هەیە.

هێزە براوەکانی عێراق یەکتریان پەسند نەکردو ئامادە نەبوون کە سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن و دەستەڵات لەیەکتر هاوێربکەن، بەڵکو پێداگریان کرد کە دەبێ هەموویان لە کابینەی نوێدا بەشدار بن، واتە پرنسیپی ئۆپۆزیسیۆنبوون شەقی تێهەڵدرا، ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرکردەکانی عێراق زۆربەیان خۆیان بە عەلمانی دادەنێن و دەم لە دیموکراتی دەکوتن، کەچی ئەفغانیەکان زۆربەیان جەخت لەسەر ئیسلامبوون دەکەنەوەو دیموکراسی بە دەستکردنی ڕۆژئاوا دادەنێن، کەچی لە واری کرداریدا ئەوان هەنگاوی باشتر دەهاوێژن و باشتر لە چەمکی ڕکابەرێتی تێگەیشتوون و دوژمنایەتی یەکتر ناکەن.

هەنگاوەکانی دیموکراتیزەکردن بە دروشم و پلاک کارت وەدیار ناکەون و ناپێورێن، بەڵکو هەنگاوەکانی دیموکراتیزەکردن لە ڕوانگەی سەلماندنی بەرانبەرو داننان بە سەرکەوتنی بەرانبەر سەرچاوە دەگرن، واتە بەرابنەر پەسندکردن و ڕاست خوێندنەوەی هاوکێشە هەنووکەییەکان وەک پێوەری هەنگاوەکانی دیموکراتیزەکردن خۆیان دەنوێنن؛ جا ئەگەر لەو سۆنگەیەوە سەیری ڕامانی و بۆچوونی هێزە سیاسیەکانی عێراق و ئەفغانستان بکەین، دەبینین کە تاسەی دیکتاتۆریەتی کردن لە ناخی خەڵکی عێراق ڕیشەی داکوتاوەو بە ئاسانیش کۆتا نابێ.




**دیمەنێکی شاری بەغداد، پێتەختی عێراق**

ئەفغانستان کۆمەڵێکی داخراوی ئایینیە، بەڵام دیاردەی ژن کوشتن لە ئاستێکی نزم دایە، کەچی کۆمەڵی عێراق خۆی بە پێشکەوتوو دەزانێ، باس لە یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکات کەچی ڕێژەی ژنکوشتن لە ئاستێکی باڵادایە، بەوهۆیەشەوە لە ڕۆژی خەبات دژ بە توندوتیژی دژ بە ژنان دەیان کۆڕو سیمینار لە عێراق پێکدەهێندرێن و مێدیاکان هەلهەلە لێ دەدەن!! بەڵام لە ئەفغانستان باسیان لێوە ناکرێ و ژنانیش لە دەست کوشتن و سوتاندن دا هاواریان لێ هەڵنەستاوە.

ئەگەر بە جلوبەرگ و ڕێپێوان و ئازادی ژنان و زۆری کەناڵی ئاسمانی و پارە زۆری و باڵاخانەی گەورەو ڕازاوە بێت، دەبێ بگوترێ کە بەغداد زۆر لە کابول پێشکەوتووترە، بەڵام ئەگەر لە ناخەوە لێی وردببینەوە، ناچارین بڵێین کە بەغداد زۆر لە دواوەیەو خەڵکەکەیشی تا ئێستا کۆنەبارێزانە بیر دەکاتەوەو لە خەمی دیموکراتیزەکردن دانین و دیاردەی گەندەڵی و ساختەکاری و قۆڵبڕی لە لووتکە دایە.

**سەربەست کانەبی**